# چاکترین (گەورەترین) شێوازی ئیستیغفار کردن (سید الإستغفار)

لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «چاکترین (گەورەترین) شێوازی ئیستیغفار کردن (سيد الإستغفار) ئەوەیە کە بڵێیت: (اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ)^»، فەرمووی: «ئەوەی لە بەیانیدا بیڵێت بەدڵنیاییەوە، ولەو ڕۆژەدا بمرێت پێش ئێوارە، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە، وئەوەی لە ئێوارەدا بیڵێت بەدڵنیاییەوە، وبمرێت پێش ئەوەی بەیانی بەسەردا بێت، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە». ^(واتە: خودایە، تۆ پەروەردگاری منی وهیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە تۆ، تۆ منت خوڵقاندووە ومن بەندەی تۆم، هەتا بتوانم پەیمان وبەڵێنی تۆ ناشکێنم؛ ئەگەر نەمتوانی پەیمانەکە ببەمە سەر ئەوە لە دەسەوسانیمە، پەنا بۆ تۆ دەگرم لە شەڕی کردەوەکانی خۆم، بە سوپاسگوزارییەوە دان دەنێم بە هەموو نیعمەت وبەخشینێک لە لایەن تۆوە بۆ من، ودان دەنێم بە تاوان وهەڵەکانم؛ لە تاوان وهەڵەکانم خۆش بە چونکە تەنها تۆ لە تاوان وهەڵەکان خۆش دەبیت).

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە (ئیستیغفار کردن) شێوازی ووتنی جیاوازی هەیە، بەڵام باشترین وچاکترینیان ئەوەیە بەندە بڵێت: (اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ) واتە: (خودایە، تۆ پەروەردگاری منی وهیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە تۆ، تۆ منت خوڵقاندووە ومن بەندەی تۆم، هەتا بتوانم پەیمان وبەڵێنی تۆ ناشکێنم؛ ئەگەر نەمتوانی پەیمانەکە ببەمە سەر ئەوە لە دەسەوسانیمە، پەنا بۆ تۆ دەگرم لە شەڕی کردەوەکانی خۆم، بە سوپاسگوزارییەوە دان دەنێم بە هەموو نیعمەت وبەخشینێک لە لایەن تۆوە بۆ من، ودان دەنێم بە تاوان وهەڵەکانم؛ لە تاوان وهەڵەکانم خۆش بە چونکە تەنها تۆ لە تاوان وهەڵەکان خۆش دەبیت). سەرەتا بەندە دان بە تەوحید -یەك خوا پەرستی- دەنێت، وبەوەی الله خوڵقێنەرێتی وبە تەنها ئەو پەرستراوێتی کە تاکە وبێ هاوتا وبێ هاوبەشە، وبەندە لەسەر ئەو پەیمانەیە کە بە الله ی داوە -سبحانە وتعالی- لە ئیمان هێنان پێی وگوێڕایەڵیکردنی ؛ هێندەی دەتوانێت، چونکە بەندە هەرچەندە پەرستش ئەنجامبدات ؛ ناتوانێت هەموو فەرمانەکانی الله جێبەجێ بکات وناتوانێت وەکو پێویست سوپاسگوزار بێت بەرامبەر نیعمەتەکانی پەروەردگاری، تەنها داوای پەناگرتن و بەهاناوە هاتن ویارمەتی لە الله دەکات، وتەنها پەناگرتن بە ئەو سوودی هەیە ؛ لە شەڕ وخراپەی ئەو کردەوانەی بەندە ئەنجامیداوە دان بە نیعمەتەکانی دەنێت بە ناچاری، ودان لەسەر نەفسی خۆی دەنێت بە تاوان وسەرپێچیکردنی، پاش ئەم تەوەسولە بۆ نزیکبوونە لە الله ؛ نزا دەکات بەوەی گوناهەکانی بپۆشێت وبیپارێزێت لە سەرەنجامەکانی بە لێخۆشبوون وفەزڵ وڕەحمەتی، چونکە ئەوەی کە لە گوناهەکان خۆشدەبێت تەنها الله یە -عز وجل-. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئەم زیکرە لە ویردەکانی بەیانی وئێوارانە، ئەوەی بیڵێت بە دڵنیاییەوە وئاگای لە ماناکەی بێت وباوەڕی پێی هەبێت لەسەرەتای ڕۆژدا، لەنێوان خۆر دەرچوون هەتاوەکو خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لادەدات، ئەمە کاتی ڕۆژە، وئەو کەسە بمرێت؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی بیڵێت، لە کاتی خۆرئاوابوون هەتاوەکو دەرکەوتنی بەیان، وبمرێت پێش ئەوەی بەیانی بەسەردا بێت؛ دەچێتە بەهەشتەوە.